www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:21 18-7-2007

بەیاننامە:

کوشتنی رەیانی تەمەن 8 سالان ریسوا دەکەین ... ریکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان

لەبەرواری 7/6 لەشا رۆچکەی مەخمور کچێکی تەمەن 8 سالان لەدوای ئەوەی لەماڵ دەردەچێت ناگەڕێتەوە لە دوای دوو رۆژ تەرمەکە ی لەناو گۆڕستانی ئەم شارە دەدۆزرێتەوە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لاشەی ئەو پەپولە روح سووکە بە پارچە پارچەکراوەی لە نێو گونیەك کە وا شێوێنراوە نەناسرێتەوە پرچی زەردی لەخوێن سوور بووە ئایە تاوانی ئەو پەپولەیە چی بی و لەپای چی ئەو درندانە وکەسانێکی دەرون نەخۆش وناخ بۆگەن دەستیان بچێتە گیانی منالێك لەسەرەتای بەهاری تەمەنی هەڵ بوەری رۆژانە لێرەو لەوی چەندین رووداوی لەمجۆرە گوی بیست وبەرچاومان دەکەوی لەسەر منالان دیارە منالانیش بەدەرنین لەقوربانیەکان و دەبنە قوربانی و بەشێوازی جۆراوجۆر دوور لەنامرۆڤانە مافەکانیان پێشێل دەکرێت، یاخود بەناشرینترین شێوە دەکوژرێن، ئەمەش زەنگێکی ترسناکە بۆسەر رەوشی منداڵان و ئایندەی نەتەوەکەمان، چونکە منالان نەوەی دوارۆژن ئەمجۆرە تاوانانەی دەرهەق بەمنالان دەکرێت دەبێت رابگیری لەبەرامبەر یش دا

حکومەت ولاینە پەیوەندارەکان لی بێدەنگن و کەس هەڵوەستەی لەسەر ناکات، ئێمە وەکو (ریکخراوی بەهرەمەند بۆ هوشیاری منداڵان) لەکاتێکدا ئەم تاوانە ریسواو مەحکوم دەکەین و داوای ئاشکراکردنی تاوانباران دەکەین تاوەکو بدرێنەدادگا تا چیتر منالان نەبنە قوربانی دەستی گەورەکان وتێرۆرو تاوانی جۆربەجۆر و پێشێل کردنی مافەکانیان پێویستە رێز لەمافەکانیان بگیرێت و ئەوانەی دەبنە هۆی پێشێل کردنی سزابدرێن.

سلاو لەروحی رەیان و هەموو ئەو خونچانەی وەکو رەیان بوونە قوربانی دەستی گەورەکان بۆ/

سەرۆکایەتی پەرلەمان / بەرێز

سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان / بەرێز

وەزارەتی مافی مرۆڤ / بەرێز

وەزارەتی ناوخۆ / بەرێز

پارێزگای هەولێر / بەرێز

(ریکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.